# سەنگی ژنی کورد لە پرۆژەی ڕیفراندۆم و دەوڵەتی کوردیدا

مەهاباد قەرەداغی

بۆ ئەوەی پرۆژەی ڕیفراندۆم سەرکەوتوو بێت و ئامانجی سەرەکی ڕیفراندۆم بگاتە ئاکامێکی بە جێ، بۆ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤی دڵنیاکەرەوە بۆ گەلی ئێمە کە (دەوڵەتی کوردی) یە هەڵبژاردەی زۆربە بێت، پێویستە سەنگ و دەنگی ژنی کورد لە هاوکێشەکەدا لەبەرچاو بگیردرێت و، وەک هێزێکی یەکلاکەرەوە لێی بڕواندرێت و حسابی لەسەر بکرێت.
ژنی کورد، کە مەخابن هەتا ئەمڕۆ لە سیاسەتی کوردیدا لە دەرەوەی هاوکێشەکاندا دانراوە و، دەنگ و سەنگی ژنی کورد نە ژن خۆی هێناویەتییە بەر دیدە و نە بەرامبەرەکەشی بیری لێکردۆتەوە (کە ئەمە نەک تەنها هەڵە، بەڵکە کارەساتە) ، ئەمڕۆ، کە ئیدی پرسێکی گەورەی وەکو ڕیفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی بەشێکی کوردستانمان بۆتە پێویستییەکی ژیانی و بڕیارە بیکەینە ئەرکی هەنووکەیی خۆمان، ئیدی هاوکێشەی سیاسەتی کوردی پێویستی بە داڕێژانەوەیەکی لۆژیکی هەیە و، دەبێ وزە و دەنگی ژن وەک پێوەری هاوسەنگکردنەوە و وەکو هێزێکی یەکلاکەرەوە ببیندرێت. بە بێ بەشداری کارای ژن پرۆسەی ڕیفراندۆم دەبێت بە نیوەخەونێکی بەدینەهاتوو. چ بەپەراوێزخستنی و چ خۆلەپەراوێزگرتنی ژنی کورد لەم قۆناغە هەستیار و گرنگ و مێژووییە، ڕەنگە ببێتە مایەی هەرەسێکی سیاسی و لەبارچوونی هیوایەک کە هیوای هەمووانە. ژنی کورد نەک هەر پێویستە بە پەراوێزبوون قایل نەبێ، بەڵکە دەبێت دەستپێشخەر بێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ڕیفراندۆم و دەنگدان بە مافی سەربەخۆیی و جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق.
ژنانی کوردستان، دەبێت بێ هیچ دوودڵی و گومانێ ڕۆڵی پێشڕەویتی ببینن لەم پرسە گرنگەدا و، لەسەر دەستی ئەوان کوردستان لە داگیرکەر بسێندرێتەوە.
ئەم دەستپێشخەرییە و بەئەستۆگرتنی ئەرکی سەرەکی ڕیفراندۆم لە لایەن ژنی کوردەوە دەیکاتە خاوەنی تۆمارێکی پڕ لە شانازی و شایستەیی و، دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ژنی کورددا،
ژنی کورد پێویستە دەنگی خۆی بدات بە سەربەخۆیی کوردستان، لە کوردستانێکی سەربەخۆشدا پێوستە ژنی کورد خاوەنی خۆی بێت و ئەو دەنگ و سەنگەی کە هێزی یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، دەبێ هێزی ڕزگارکردنیشی بێت لە هەموو کۆتێک کە دەیکات بە کۆیلەی ئەویدی.
ئەرکی هەنوکەیی و گومانهەڵنەگری هەموو ڕێکخراوەکانی ژنانە لە کوردستاندا، بە تەواوی تواناکارییەکانیانەوە دەستپێشخەری لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕیفراندۆمدا بکەن. پێویستە سەدان کادیری کارامەی ژنان شار بە شار و دێ بە دێ بۆ ژنانی نەخوێندەوار و کەمخوێندەوار ڕوونی بکەنەوە. جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق بۆچی باشترین هەڵبژاردنە و چۆن لە بەرژەوەندی ژنی کورددایە. دەبێ بە زمانی سادەی ژنی ستەمدیدەی کورد پێیان ڕابگەیەندرێ، ئەگەر سەربەخۆ بین، ئەگەر جیابینەوە لە داگیرکەر چ دەستکەوتێکمان دەبێ، بۆ نموونە:

- ئیتر ئەنفال ناکرێن،
- ژەهری کیمیاییتان پێدا نارژێندرێ،
- ئیتر وەک کۆیلە نافرۆشرێن بە مەلهاکانی میسر، بە پیاوە پووتەکان،
- ئیتر ئەو مندالانەتان کە بە کۆڵەمەرگییەوە گەورەیان دەکەن، ناکرێن بە کەرەستەی تاقیکردنەوەی ژەهرەکان، نادرێن بە دەم سەگە هارەکانی نوکرەسەلمان و،
- ئیتر و ئیتر و زۆری تر. .

کاتێک هەیە پێی دەگوترێت چارەنووسساز، چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کاتە چارەنووسسازەدا بڕیاردەری چارەنووسە بە باش یان خراپ. بۆ کورد ئەمڕۆ ئەو کاتەیە، یان دەبێتەوە بە خۆی و ناسنامەی مرۆڤی ئازاد وەردەگرێت، یان دەبێتەوە بە کۆیلەیەکی بێ ناو و ناسنامە. بۆ ژن ئەم کاتە دووجار چارەنووسسازە، یەکەمیان لەسەرەوە باس کراوە، دووەمیشیان چونکە بەشداری کارا و دەستپێشخەری ژنی کورد دەیخاتە ناوەندی مێژووەوە، کە سەدان ساڵە لە

پەراوێزی ئەو مێژووەدا فڕێدراوە و بێ ڕۆڵ و بێکاریگەری کراوە. کە سەنگی ژنی کورد هێزی یەکلاکەرەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆم بێت و ژنیش بە وریایی و هۆشیارییەکی هاوچەرخەوە دەنگ و سەنگی خۆی بۆ ئەم مەبەستە بەکار ببات، سەرەتایەک بۆ ئازادبوونی مێژووی خۆی دادەنێت!

. . .

2003-8-2 ستۆکهۆڵم

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.